SALAHADDIN UNIVERSITY ERBIL

# پەیوەندییە گشتییەکان / ئۆنلاین

قۆناخی دوو

پ.ی.د رزگار رەنجەرۆ

فەرهەنگی« وبستر»بەمشێوەیە پێناسە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەکات ،کۆمەڵێ چالاکی جۆراوجۆرن دەستەیەک یان کرووپێک یاخود حکومەت هەڵدەسێ بەرێکخستنی بونیادنانی گۆمەڵگا لەپێناوی دروستکردنی باشترین و چاکترین و رێکوپێکترین پەیوەندی نێوان جەماوەر، جەماوەریش دوو جۆرن)جەماوەری دەرەوەو جەماوەری ناوخۆ(،جەماوەری ناخۆش ئەو کەسانەن کە لە دامەزراوەکان کار دەکەن.

کریستان» دەڵێ: پەیوەندییە گشتییەکان کۆششێکە دەیەوێ کاریگەری بخاتە سەر جەماوەر لەرێگای هۆکارە جۆراوجۆرەکانی میدیاوە،تا بیرۆکەیەکی تەندرووستی دامەزراوەکەی هەبێ و ببێتە پاڵپشتی لەچارەسەرکردنی قەیران و لەگەڵ ئامانجەکانیدا هانیانبدات لەچالاکیەکانیاندا.

J.C.Seidle پێناسەیەکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان خستەڕوو کە دەڵێت: پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەهۆیەوە هەر دامەزراوە یان ڕێکخراوێك ئاراستە دەکرێت بۆ بردنەوەی متمانەی بەکارهێنەرانی و کارمەندانی و جەماوەر بەگشتی، بەمەبەستی لێکگەیشتن لەگەڵ هەموویاندا، گوتمان پرۆسەیەکی بەردەوامە چونکە رای جەماوەرە بە ڕاست و هەڵە و، لەوەی دەبێت یان نابێت، هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندایە،

یەکەم پێناسەی وردیش بۆ چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان، پەیمانگەی بەریتانی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەساڵی 1948 داینا بەوەی "بڕەودانە بە دۆزینەوەی لێکگەیشتن و پەیوەندی بەهێز لەنێوان ڕێکخراوو تاکەکانی، یان هەر گرووپێك لە گرووپەکان یاخود تاکەکان یان ڕێکخراوەکان و، ئەوەی لەسەر بنەمای ئەم لێکگەیشتنەوە بەرهەم دێ لەدروستبوونی ئاوێنەیەکی باش و پەیوەندییەکی بەردەوام".

D.Bloomfiled وای دەبینێت کە پەیوەندییە گشتییەکان هونەری کاریگەری کرد
ئەوانیتر بۆ گرتنەبەری هەمان رێگە کە ئەو دامەزراوانە شوێنی کەوتوون. هەروە
بونهام Howard Bonham) ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی خاچی سووری ئەم
پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە کە هونەری لێکگەیشتنە لەگەڵ جەما
دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانە بە تاکەکان و رێکخراوەکان.

ئەوەتا رکس هارلۆ و بلاك Black & R.Harlow، هەروەها فەرهەنگی زانیار
ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرە، زانستە لەو رو
پشت بە زانستی کۆمەڵناسی مرۆیی دەبەستێت، زانستیشە لەو رووەوەی کە پەیڕ
زانستی دەکات لە گەڕان و دەستنیشانکردندا. هونەریش ئەگەر لە لایەنە پراکت
لێی بڕوانین، واتە لایەنی جێبەجێکاری، هەروەك لایەنی خودیشی دێتە نێو پێك
بەجۆرێك شێوازەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئەم زانستە لە پسپۆڕێکەوە
جیاوازە، بە میتۆدەکەو ئامادەباشییەکانی و شێوازی ئامادەکردنەکەی کاریگەرە.

پێناسەی کۆمەڵەی نێودەڵەتی پەیوەندییە گشتییەکان، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پەیوەندییە گشتییەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکات، "ئەو کارە ئیدارییە بەردەوام و پلاندارێژراوەیە کە دەزگا و رێکخراوە تایبەتی و گشتییەکان تێیدا هەوڵ دەدەن بۆ بەدەست هێنانی تێگەیشتن و سۆز و پشتگیری جەماوەر و پاراستنی بەردەوامی ئەم لەیەك گەیشتن و سۆز و پاڵپشتییە، ئەمەش لەرێگەی دیاریکردنی ئاراستەی رای گشتی بۆ پشتڕاستبوون لە یەکریزی لەگەڵ سیاسەت و چالاکییەکانی بەپێی توانا و بەدەستهێنانی یارمەتی زیاتر و دەربڕینی دروست بۆ بەرژەوەندی هاوبەش بە بەکارهێنانی راگەیاندنی گشتی و پلاندارێژراو".

پێناسەی دەستەی کار بۆ راوێژکارانی پەیوەندییە گشتییەکان: پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لەو ئەرکەی کە تیمێك پێی هەڵدەستێت، بۆ دابینکردنی پەیوەندی باش و بەردەوام بوونی لەنێوان ئەندامانی، و نێوانی و نێوان کەرتە جیاوازەکانی رای گشتی.

کانفێلد، بەم شێوەیە پەیوەندییە گشتییەکان پێناسە دەکات، "کەبریتییە لە فەلسەفە و فەرمانی ئیدارە کە بەسیاسەت و کارانە دەردەبڕێت، کە خزمەتی بەرژەوەندی جەماوەر دەدات و پەیوەندی پێوە دەکات، بۆ دڵنیابوون تێگەیشتن و ئابرووی باش".

## چوار رەگەزی سەرەکی پێکدێ:

١ – فەلسەفەیەکی کارگێڕییە،بەسرووشتێکی کۆمەاڵیەتی.
٢ – گوزارشتە لەفەلسەفەی سیاسەتێکی بڕیار بۆدراو.
٣ – بەرهەمی کارێکە لەپشتی سیاسەتێکی دیاریکراوەوە.
٤ – هۆکارەکانی کۆمنیکەیشن رۆڵ دەبینن لەدروستکردنی ئەو سیاسەتانە و شیکردنەوە و روونکردنەوە و رەوایی لای جەماوەر بۆ هەنگاوەکانی پەیدا دەکات،ئەوەش لە پێناوی جێبەجێکردنی لێکتێگەیشتنی دوولایەنەو ناوبانگێکی باش.

هەندێ نووسەر پێیان وایە باشترین پەیوەندی گشتی دەتوانین کوزارشتی لێبکەین بەم هاوکێشەیەی الی خوارەوە:

(( باشترین پێشکەشکردن + هەواڵە راستەکان = چاکترین پەیوەندی گشتی))

دەتوانین لەم سەروبەندەدا پەیوەندییە گشتییەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوە پێناسە بکەین:

١ – پەیوەندییە گشتییەکان زانستە و سوود لە شێوازی زانستی دەبینێ.

٢ – پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە،بەواتایەکیتر سوود لەهەنگاوەکانی زانستە کۆمەاڵیەتیەکان وەردەگرێ.

پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی بەپسپۆرایەتیە لەهەموو ئاستەکاندا.

٤ – پەیوەندییە گشتییەکان هۆکارێکە بۆ پەروەردەکردن و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ئەوەی بیروڕای مۆدێرن قبولٚ بکات.

٥ – پەیوەندییە گشتییەکان پێکدێ لەتێگەیشتنی نێوان جەماوەرو دامەزراوەگان.

٦ – پەیوەندییە گشتییەکان بۆ خزمەتی خۆی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن و راگەیاندن و توێژینەوە زانستییەکان بەکار دەهێنێ.

٧ – پەیوەندییە گشتییەکان ئێستا پێویستەن،وە دەبێت لەهەموو دەزگایەکدا هەبن لەهەموو ئاستێکدا.

## فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر کۆمەڵیٚ راستی و ڕێباز دەوستن کە ئەمانەن:

١ – فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان تیشک دەخاتە سەر راستیە زانستیەکان و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سرووشتی کۆمەاڵیەتی تەماشا دەکات.

٢ – مرۆڤ بونەوەرێکی تاکی کۆمەڵگایە،دەگۆڕدرێ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر،ناتەبایي لەپەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکانەوە هەیە سەرەڕای ئەوەی لەیەکچووشیان هەیە.

٣ – مرۆڤ بەسرووشت کاریگەری کۆمەڵایەتی لەسەر درووست دەبێت وەک چۆن کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەشی درووست دەکات،هەر بۆیە نەمانی پەیوەندی راستوخۆ لەنێوان هەردوولا یاخود وەستانی پەیوەندی دەبێتە هۆی نەمانی رەگەزێکی گرنگی پۆزەتیڤ کە ئەوەش بنەمایەکی دینامیکی پەیوەندییە گشتییەکانە.

٤ – پەیوەندییە گشتییەکان تیشک دەخاتە سەر بنەما کۆمەڵایەتیەکان،بۆیە دەبێت بۆ هەر دەستەیەک ئامانجەکانی بخاتە گەڕ بەشێوەیەک کە کۆک بێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگا و ئامانجەکانی پەیوەندییەکان و ڕێزگرتن لەرای جەماوەر،پەیوەندییە گشتییەکان جەماوەری دامەزراوە ناوخۆیی و دەرەکیەکان رادەهێنێ لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.

٥ – پەیوەندییە گشتییەکان تیشک دەخاتە سەر لایەن مرۆییەکان،مرۆڤ خۆی بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتیەکان و پلانی راگەیاندن دادەنێ.

٦ – مرۆڤەکان جیاوازن لەرووی عەقڵ و هۆشوبیرەوە،ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئاستەکانی مرۆڤ لەبەرزبوونەوەدایە،بەڵام بۆ ئاستێکی نزم دادەبەزێ لەبەرامبەر فەرمان و پاڵەپەستۆو توندوتیژیدا،هەر بۆیە دەبێت رێز لەبوونەوەری مرۆڤ بگیرێ و هەوڵی لەگەڵا بدرێ تا قەناعەتی پێ دەکرێ پایە راستەکەی بۆ بگێردرێتەوە.

٧ – خەڵک لەهەموو بارێکدا دیدو بۆچوونی جیاوازی هەیە،لەهەموو حاڵەتێکیشدا دەشێ خەڵک دیدی هەڵەی هەبێ یان لایەنگری ئۆپزسیۆن بن،هەر بۆیە پێویستە دامەزراوەکان هەوڵ بدەن کە رایەکی گشتی تەندرووست فەراهەم بکەن بۆ هەموان و خواستی ئۆپۆزسیۆنی بگوازنەوە بۆ کاری هاوبەش.

٨ – بێگومان گرنگی لایەنی سیاسیش بۆ پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت بەهەند وەردەگیرێ.
٩ – پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر بنەمای لایەنی رەفتارو ئاکار دەوەستێ،کۆشش دەکات بۆ گەشەپێدانی باوەڕهێنانی جەماوەر بەپەیامی دامەزراوەیەک یان دەستەیەک بۆ درووستکردنی متمانەو رێزگرتن.

١٠ – پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر رێکخستنی رێبازێک دەوەستێ،ئەو رێکخستنەش بەپێی سیستمێکی دیاریکراوە کە دەبێت هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان هەبێت.
١١ – پەیڕوکردنی رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی پەیوەندییە گشتیەکانەوە.

## بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان

بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەیەکدا هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ گەشەپێدانی ئەو پەیوەندیانەو دروستکردنی رایەک لەبارەی ئەو کاڵایانەی دامەزراوەکە دروستی دەکات،ئەگەر هاتوو فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو دامەزراوە پیشەسازیە لەئاستێکی زانستی باش نەبوو لەرووی شارەزایی و تواناوە بەبێگومان کاریگەری نیگەتیڤ درووست دەکات بەرامبەر بەجەماوەری ناوخۆو دەرەوەی دامەزراوەکە.

بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێویستە کارگێرانی هەڵسن بەبوژاندنەوەی ئەو فەرمانگەیەی کاری تێدەکەن و پێویستە زانیاری تەواو بدەنە جەماوەرەکانیان،لێرەشدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر روویداوە بەرامبەر بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ئێستا لەسرووشت و شێوەی هەنگاوەکان و لایەنە سیاسی و ئابورییەکان و کۆمەڵایەتیەکان..ئەو ئاڵوگۆڕانەش بریتین لە:

١- زۆربوونی هێزو توانای لایەنگرانی رایگشتی بەتایبەتی لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا،ئەمەش ساڵ بەساڵ لەزیادبوونە،بۆ ئەوەی حکومەت سەرکەوتوویێت پێویستە گشت تواناکانی بخاتە گەڕو راستیەکان وەکو خۆی بخاتە روو بۆ خەڵک،ئەمەش بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنی دەبێت بەردەوام لینکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر پتەوبکات.

٢- فراوانبوونی دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و زۆربوونی ململانێ لەنێوانیاندا،بوونی کۆمپانیای زەبەلاح و خاوەن ئامێرێکی زۆر کە بەهەزاران کرێکار کاری تێدا دەکەن و مامەڵەیان لەگەڵ ملیۆنەها کەس هەیە لەسەرانسەری جیهاندا ئەوەش لەسیماکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە،ئەو گۆڕانە گەورەیە لەو دامەزراوانەدا وای لێدەکات کە پێویستی بەجێبەجێکردنی پەیوەندییەکی تەندرووست هەبێت بەرامبەر بەو ژمارە زۆرەی خەڵک تا بەرنامەو نەخشەیەکی باش دابنێ لەبواری پەیوەندییە گشتییەکاندا.

٣ - لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانە پیشەسازی و بازرگانییە زەبەلاحانە،کرێکاران خۆیان لەسەندیکاکانی بینیوەتەوەو قسەکانیان یەک دەخەن بۆ راگرتنی بەرژەوەندیەکانیان،ئەو سەندیکانەش سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە وایکردوە کە خاوەنکار لێیان بترسێ و دان بەداخوازیەکانیان بنێن،دوو رێگا هەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داخوازیەکانیان یەکەم،رێگای پاڵەپەستۆو مانگرتن..دووەم،رێگای باوەڕپێهێنان و درووستکردنی رای گشتی کە ئەمەی دوایی خەڵکیش دەچێتە ریزیانەوەو خاوەن کاریش رادەکێشن تا داخوازیەکانیان بۆ جێبەجێبکات،ئەمەش چەکێکی کاریگەرە بۆ وروژاندنی رایگشتی و دواجاریش ئەو لایەنە گرەو دەباتەوە کە راستیەکانی لایەو ئەمەش بایەخی پەیوەندییە گشتیەکان تیایدا رۆڵ دەبینێ.

٤ - گۆڕانکاری لەژیانی شارو لادێ و پێداویستیە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان لەگەڵ زۆربوونی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت،ئەم ئاڵوگۆڕەش پێویستی بەتوانایەکی گەورەی ڕاگەیاندن هەیە تا ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیە ببێتەوەو کار بۆ هێورکردنەوەی کۆمەڵگا و جێبەجێکردنی داخوازیەکانی بکەن لەهەر کوێ بژین.

٥ - گەشەپێدانی هۆکارەکانی میدیا و بڵاوکردنەوە زۆر بەفراوانی لەئەنجامی پێشکەوتنی بیری مرۆڤ،گەشەپێدانی چاپخانەو سەرهەڵدانی سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆن،ئەمانە ئاسانکاری بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر فەراهەمکرد تا پەیوەندی بکەن بەهەموو جەماوەرێکەوە.